# حیکمەتەکانی عەشق

عومەر کەریم بەرزنجی

ئەو تەمانە ناڕەونەوە
قەلە ڕەشێک لە باخچەکەدا
دەنووك لەو هەنارانە دەگرێ و
نێرگسێك نەزیفی لەزەت دەیگرێت
مارێك لەنێو گەلاّ وەریوەکاندا
چاو لەو سێوانە دەبڕێت
راڤەی جوتبوونی
بۆ گێلاسەکان دەکات و
لە دەرگاکانی حیکمەتەوە
لە شەیتانی بوونی ئەو نێرگسانەی دەڕوانێ
کە ئامێزیان بۆ ئەو ڕێواسانە دەگرتەوەو
چاویان لەو پەروانانە دادەگرت
لە حزووری شەمدا دەتوانەوە.
حیکمەتەکانی عاشقبوون
لە جووت بوونی دوو پە پوولەدایە
بەسەر پەلی سەوزی دارچنارێکەوە
ئەی بالّندەی شەکەتی دلّ
رێگاکان دەمانبەنە نێو ئەو کوخەی
لەشەوی لەدایك بوونماندا
کەنارییەکان...
تەلّقینی مەرگیان داین و
نەمانتوانی
لە پە نجەرەکانی ئومێدەوە
لەو کۆترە خۆشبەختانە بڕوانین
بەئاسمانی حوزندا...
هەلّدەفڕین.